# ئايا دروستە نوێژخوێن لەپاش خوێندنی سورەتی فاتحە لەنوێژی سوننەتدا هەریەک سورەت دووبارە بخوێنێتەوە ؟

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**شێخ موحەمەد صالّح المنجد**


**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2013 - 1435

IslamHouse.com

# هل يجوز تكرار نفس السورة التي يقرؤها بعد الفاتحة في صلاة النافلة ؟

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

## ئایا دروستە نوێژخوێن لە پاش خوێندنی سورەتی فاتحە لەنوێژی سوننەتدا هەریەک سورەت دووبارە بخوێنێتەوە ؟

**پرسیار** : ئایا لە نوێژە سوننەتەکاندا لەپاش خوێندنی سورەتی الفاتحە مرۆڤ دەتوانێت هەریەك سورەت بخوێنێت، بۆ نمونە دەتوانێت سورەتی (الإخلاص) زیاتر لەجارێك بخوێنێت، وەك ئەوەی زیاتر لە صەد جار لە ڕکاتێکدا بیخوێنێت ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

هیچی تێدانییە ودروستە سورەتێك زیاتر لە جارێك بخوێنرێت لە ڕکاتێکدا، یان لە دوو ڕکاتدا، بە تایبەتی خوێندنی سورەتی (قل هو الله احد) لەبەر گەورەیی فەزڵ و مەکانەتی ئەو سورەتە، لەبەر ئەوەی کە ماناکانی یەکخواپەرستی و صیفەتە جوانەکانی پەروەردگاری تێدایە، ئیمامی بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (٥٠١٣) ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردووە : عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ : « أَنَّ رَجُلا سَمِعَ رَجُلا يَقْرَأُ : ( قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ) يُرَدِّدُهَا ، فَلَمَّا أَصْبَحَ جَاءَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ ، وَكَأَنَّ الرَّجُلَ يَتَقَالُّهَا ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : ( وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّهَا لَتَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ ) » واتا : ئەبی سەعیدی خودری (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : پیاوێك گوێی لە پیاوێك بوو كە سورەتی (قل هو الله احد) ی چەند جارێك خوێندەوە، جا كاتێك ڕۆژبوویەوە ئەو پیاوە هات بۆلای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و ئەوەی بۆ باسكرد، وەك ئەوەی خوێندنی ئەو سورەتە بەكەم بزانێت، پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : سوێند بێت بەخوا ئەو سورەتە هاوتای سێ یەكی قورئانە .

لە ڕیوایەتێكی تر ئیمامی بوخاری بە ژمارە (٥٠١٤) دا هاتووە : « أَنَّ رَجُلا قَامَ فِي زَمَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقْرَأُ مِنْ السَّحَرِ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ لا يَزِيدُ عَلَيْهَا » واتا : پیاوێك لە سەردەمی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) كە هەڵدەسایەوە بۆ شەو نوێژ هەمیشە سورەتی (قل هو الله احد) ی دەخوێند و لەوە زیاتر هیچی تری نەدەخوێند .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەم مەسئەلەیەدا ڕەچاوی دوو خاڵ بکرێت :

**خاڵی یەکەم :** نابێت خۆی ڕابهێنێت لەسەر ژمارەیەکی دیاری کراو بەشێوەیەك نە کەمی بکات و نەزیادی بکات، چونکە ئەگەر وابوو بەکارێکی داهێنراو و بدعە دادەنرێت، ئەو فەرموودەیەش کە باسکرا ئامادەی بە ژمارەیەکی دیاری کراو نەکردووە، وە هیچ کەسیش لە زانایانی سەلەف کارێکی لەو شێوەیەی نەکردووە، ئەو کارەشی کە بەشەرع دیار نەکرابێت دروست نییە دیاری بکرێت، بەڵکو مەشروع وایە کە بەبێ دیاری کردنی ژمارە و بەشێوەیەکی ڕەها بکرێت .

زانایانی لیژنەی هەمیشەیی شانشینی عەرەبستانی سعودیە ووتویانە :

سوننەت وایە کە مرۆڤ پارێزگاری و پابەند بێت بەو شتانەی کە شەرع ژمارەکانی دیاری کردووە، بەڵام ئەوەی مەشروعە لە ذیکر و یادی خوا و کردنی بە ژمارەیەك دیاری نەکراوە، ئەوەی دروست

و ڕێگا پێدراوه ئەو ذیکر و یادی خودایە بەشێوەیەك بکرێت مرۆرڤ خۆی پابەند نەکات بە ژمارەیەکی دیاری کراوەوە .

**دووەم :** مرۆڤ خۆی وا ڕانەهێنێت هەرکاتێك هەستایەوە بۆ شەو نوێژکردن هەمیشە یەك سورەت بخوێنێت، بەشێوەیەك لەو سورەتە نەزیادی بکات و نەبیشیگۆڕێت بە سورەتێکی تر، بەڵکو هەموو شەوێك هەر ئەو سورەتە بخوێنێت، ئەمەش کارێکی مەشروع نییە، وە سەلەفی صاڵحیش کارێکی لەو شێوەیەیان ئەنجام نەداوە، خۆ ئەگەر وویستی وایش بکات، با خۆی لەسەر ڕانەهێنێت، بەڵکو خۆی لەسەر سوننەت و عەمەلی سەلەفی صالح ڕابهێنێت، ئەویش ئەوەیە لەپاش سورەتی فاتحە هەموو ڕکاتێك سورەتێکی جیاواز بخوێنێت، یان هەندێك لە سورەتێك بخوێنێت .

شێخ ابن جبرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : هیچی تێدا نییە ئەگەر کەسێك لەپاش خوێندنی سورەتی الفاتحە هەمیشە یەك سورەت دووبارە بکاتەوە، بەڵام خیلافی کارێکی باشترە، چونکە باشتر وایە سورەتێکی جیاواز لەو سورەتە بخوێنێت کە

لەڕكاتی یەكەمدا خوێندوویەتی، یان بەشێك لەسورەتێك لەڕكاتی یەكەمدا بخوێنێت، بەشەكەی تری لە ڕكاتەكەی تردا، چونكە لەسەردەمی پێغەمبەری خواوە (صلى الله عليه سولم) هەتاوەكو ئێستا خەڵكی لەسەر ئەوە بوون ئەگەر ئیمام لە ڕكاتی یەكەمدا سورەتێكی خوێند بێت لە ڕكاتی دووەمدا سورەتێكی تری خوێندووە، یان ئەگەر بەشێكی لە سورەتێكی خوێند بێت ئەوا لە ڕكاتەكەی تردا بەشەكەی تری تەواو كردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ قەیدی ناكات ئەگەر هاتوو لەهەردوو ڕكاتەكەدا هەر یەك سورەتی دووبارە كردەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی كە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ ﴾ (المزمل :٢٠)، واتا : ئەوەی بۆتان دەلوێ و ئاسانە لاتان قورئان بخوێنن [ فتاوى إسلامية (١/ ٣٠٤) ] .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەلام .